# چاوپێکەوتنی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە لە گەل
# هەیئەتەی حیزبی دیموکراتی پێشوەروی کورد لە سوریا

رۆژی یەك شەممە 15 خەرمانان  وەفدیکی میوان لە لایەن حیزبی دیموکراتی پێشوەروی کورد لە سوریا کە بریتی بوون لە بەرێزان دوکتور سەلاح دەرویش و دوکتور ئەحمەد بەرکات ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، ئەحمەد قاسم ئەندامی کومیتەی ناوەندی و شەلاڵ کدوو ئەندامی دەستەی راگەیاندن،  سەردانی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەیان کرد و لە لایەن هەیئەتی کۆمەڵە کە بریتی بوون لە هاوری عەبدوللای موهتەدی سکرتێری کۆمەڵە و  هاوریان ئەبوبەکری مودەریسی، رەزا کەعبی و موحەممەدی شافیعی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و هاوری عەبدوللای عەزیمی ئەندامی کومیتەی ناوەندی وهەر وەها به ئاماده بوونی هاوری ئەنوەری موحەممەدی بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمەڵە لە شوێنی کاری خویان  پێشوازیان  لە میوانه بەرێزەکان کرد. لەم چاوپێکەوتنەدا کە نیزیك به سێ ساعەتی خایاند، هەردووك لا به تێرو تەسەلی باسی دوخی ئێستای خەلکی کورد لە سوریاو وەزعی کوردستانی ئێرانیان کرد و جەختیان کردە سەر  پێویستی پێوەندی زۆرتری هەر دووك حیزب به یەکەوە بۆ گۆرینەوەی بیرورا لە سەر مەسەلە گرینگەکانی پێونەیدار به خەباتی خەلکی کورد لە هەر دووك بەشەکە و پشتێوانی لە خەباتی لایەکەی تر.

گفتوگۆکان لە کەشو هەوایەکی زۆر دوستانەدا بەریوە چوو و دواییش وەفدی میوان لە لایەنی هاوریانی کۆمەڵەوە به گەرمی بەری کران

سکرتارییەتی کومەلە شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
15 خەرمانانی 1383
5 سپتامبری 2004

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)31384**99
Mobile: **009647701405134**
**Fax: 00447043140449**